# کۆڵۆنێل و زەمەنێکی شووم و کارەساتبار

یووسف لەتیف

زۆر جار کە ڕۆمانێک دەخوێنیتەوە هەست بە توانایی داهێنەرانەی نووسەرەکەی دەکەیت. ڕۆمان ئەگەر گێڕانەوەی ڕووت بێت، ئەوە هەمووان دەتوانین ئەو بەسەرهاتە کورتەی ڕۆژان و ساڵانی خۆمان بگێڕینەوە. گێڕانەوەی ڕۆماننووس جیاوازی هەیە، چونکە تژییە لە ئەفراندن و داهێنان کە نووسەر دەیخوڵقێنێ. لە چاوپێکەوتنێکدا کاروان کاکەسوور دەیگێڕێتەوە چۆن لەگەڵ کابرایەکی هۆڵەندی لە ژوورێکدا نووستوون، کاروان کاکەسوور ئاگای لە کات نەماوە و شەو درەنگە، خۆی داوەتە دەست خەیاڵی نووسین و دەڵێ: خۆی داوەتە بەر جڵەوی خەیاڵەوە و خەریکی نووسین بووە. بێ ئاگا لە ڕێڕەوی نووسینەکەی، دەڵێ دام لە پڕمەی گریان و دەنگم بەرزبووەوە، کابرا ڕاچەنی و هەستا و وتی چییە؟ وتم کوشتم. کابرا سەیری دەکا، جگە لە خۆی و ئەو، کەس لە ژوورەکەدا نییە و لە هەندێ کاغەز و قەڵەم زیاتر هیچی بە دەستەوە نییە! کێت کوشت؟ پاڵەوانەکەم کوشت.


ئەوە نووسینە، ئەوە ڕێڕەوی نووسینە، ڕەنگە نووسەرەکەش لەو سکێچەی کێشاویەتی پێشوەخت بۆ ڕۆمانەکەی وا نەکەوتبێتەوە، نووسەر قەت خۆی ئامادە نەکردبێ بۆ کوشتنی پاڵەوانەکەی، ئیدی ئەو ڕێگایەی بۆ نووسینەکەی کێشاویەتی، تووشی ئەو تەنگژەیە دەبێ و ڕێڕەوی گێڕانەوەکەی دەگۆڕێ

و پاڵەوانەکە دەکوژێ.. ئەمە بۆ نووسەریش بووە بە حاڵەتێکی کتوپڕ و لەناکاو، بۆیە ئەوە نووسینەوەی خەیاڵە، بەڵام ئەگەر گێڕانەوەکە ئاسایی بووایە و ئەو ڕووداوەی وەک مێژوونووسێک، یان وەک یادداشتنووسێک گێڕابایەوە، ئەوە تووشی ئەو تەنگژەیە نەدەبوو، چونکە ئەوەی پێشتر بینیویەتی، دەیگێڕایەوە. تووشی شڵەژان و ئەو کوشتنە کتوپڕە نەدەبوو کە بۆ گێڕەرەوەکەش کتوپڕ بێ.

ڕەنگە ئیبرایم ئەحمەد لە (ژانی گەل)دا قەت جوامێری بەو نیوەشەوە بۆ ئەو هەموو زنجیرە بەسەرهاتە نەنێرێتە دەرەوەی ماڵ و سەر شەقام، کەچی بۆ گەڕان بە دوای ماماندا ئەو زنجیرە بەسەرهاتە یەک لە دوای یەکەی بەسەر دێ وەک کارگەیەک کە کەرستەی خاو، یان بڵێین کارگەیەکی چنین، پەمۆی تێ بکەی، لەو سەرەوە تۆپە قوماشی ڕەنگاوڕەنگت بۆ دەرچێ.

ئۆرهان پاموک کە ڕۆمانی (بەفر) دەنووسێ، مێژووی ئەرکیۆلۆژیای سەدەیەکی ئەو وڵاتە جەنجاڵە هەڵدەتەکێنێ کە لە شارێکی وەک قارس ئەو دیمەنانە دەگێڕێتەوە، وەنەبێ ئەو بەسەرهاتانە هەڵقوڵاوی شارێکی وەک قارس بن، بگرە مێژووی هەڵقوڵاوی کولتووری بە زۆر ترنجاوی وڵاتی تورکیایە کە لە ڕۆمانی بەفردا نووسەر بەرجەستەی کردووە و وەک شاکارێک پێشکەشمانی کردووە، ئەوە گێڕانەوەی خەیاڵی پامۆکە کە ئەو مێژووە ئاڵۆز و تێکچڕژاو و تێترنجاوەی نزیکی سەدەیەکی پەنگ خواردووی وڵاتی تورکیامان بۆ دەگێڕێتەوە، ئەوەیە جیاوازی گێڕانەوەی ڕۆمان و گێڕانەوەی ئاسایی.

کاتێ یەشار کەمال حەمەدۆک بە چوار بەرگ دەنووسێ، هەرچەندە بە تورکیش نووسیویەتی، بەڵام کە دەیخوێنیتەوە یەکسەر زەینت بۆ لای چەند کەسێکی لای خۆت دەچێ و لەیەکچوون و شەبیهەکانی وەک عەلیەشەلت دێتەوە بەرچاو، دەزانی ئەوە کوردە و سەدانی وەک خولە پیزەت بیر دێتەوە. دەیان ئاغا و دەرەبەگی ناوچەکەت وەک فیلم دێتەوە پێش چاو. کە حەمەدۆک لە کوڕە هەژارێکی ڕووتەڵەی گوندێکەوە دەکا بەو قارەمانە ئەفسووناوییە و هەموومان لێوی خۆمان دەگەزین. کە ڕزگاری بێت! سەدان جار دەیخاتە لێواری مەرگ و زیندووی دەکاتەوە، کە بە چیاکانی تۆرووسدا هەڵدەزنێ دەڵێی کامێرایەکی وێنەگرتنی پێیە و درک و خارێک پێکوڕەیەک، بەردێک. لەرینەوەی گیایەک لەبەر هەناسەی بایەک، وێنا دەکیشێ و دەیگێڕێتەوە. لە پشتییەوە کۆمەڵێ دیمەنی تراجیدیای ئەو ڕۆژگارە و دەرەبەگ و خەڵکانی دەستڕۆیشتەمان بۆ دەگێڕێتەوە کە بەشێکە لە مێژووی پڕ تراجیدیای وڵاتێک، هەڵبەت حەمەدۆکێک دەقاودەق بەو وێنانەی یەشار کەمال دەیگێڕێتەوە، بوونی نەبووە. ئەوە (یەشار کەمال)ـە لەو هەموو کارە قارەمانیانە. وەک تاڵێکی مووی ڕەش لە ناو ماستێکی سپی دەری دەهێنێ و زیندووی دەکاتەوە، ئەوە زنجیرە



ڕووداوی یەک لەدوای یەکی نزیکی کارەکتەرەکەیە و یەشار کەمال باسی لێوە دەکا و تێهەڵکێشی سەردەم و ڕووداوگەلێکی دەکا و پێمان دەڵێ ئەوە خواستی خەڵکییە دژ بە دەرەبەگایەتی و یاسای لاسەنگی ئەو سەردەمە کە ژیان لەبەردەم کوڕە هەژارێک تەسک دەکاتەوە و بە ناچاری یاخی دەبێ، ئەوەی لە دەستی دێ بۆ ڕووبەڕووبوونەوە و بە گژداچوون دەیکا.

ئەو ئەرزە ڕەق و تەقە قارەمانێکی ئەفسووناویمان پێشکەش دەکا کە ڕەنگە پێشتر هەر لە دەستی فیردەوسی نووسەری شانامەی فارسی هاتبێ. ئەوە (یەشار کەمال)ە قارەمانی نەبوو لە ساکارترین مرۆڤ خەڵق دەکا، مرۆڤێک لە ئازار و زوڵمەوە قیروسیا لە هەموو شت دەکا و بە گژی مەحاڵدا دەچێتەوە.

ئایا نووسەر کاری ئەوەیە وەک فیردەوسی و یەشار کەمال خەڵکی قارەمان و جەربەزە و ئازامان پێ بناسێنێ؟ ئایا کۆمەڵگە هەمووی ئازایە و کەیفی بە خەڵکی ڕاچڵەکیو دێتەوە؟ لە (خۆرهەڵاتی ناوەڕاست)ی (عەبدولڕەحمان مونیف)دا پێچەوانەکەی دەبینین! کارەکتەری ڕۆمانەکە ڕەجەب کەسێکی بەزیوە و زوو دان بە هەموو شتێکدا دادەنێت، واتە هەر ڕۆماننووسە و لە گۆشەنیگایەکەوە بۆ ڕووداوەکان دەڕوانێ، لە سووچێکی کامێراکەی خۆیەوە سەیری کۆمەڵگە دەکا و وێنای دەکێشێ، وێنەی ژیان بە فرەدەنگی و فرەڕەنگی و فرەڕوخسارییەوە دەکێشێ، دەنا ڕۆژەکان هەمووی کۆپی یەکن و یەک چەشن و یەک ڕەنگن. ئایا ڕۆمان هەر بۆ ئەوەیە بە کۆمەڵێ بەسەرهات و ڕووداوگەلی سەرنجڕاکێش پەلکێشمان بکا، یان نووسەر دەیەوێ شتێکمان پێ بڵێ و پەیامی خۆی هەیە، دەیەوێ بەو شاکارە هونەرییەی پێشکەشی دەکا پەیامێکمان پێ بڵێ. نووسەر لە ڕێگەی ئەو کارە هونەرییەوەی وێنای دەکاو لە پەنای هەر نووسینەکەیدا دەیەوێ شتێکی خۆیمان پێ بڵێ و پەیامی خۆی ئاشکرا دەکا. نووسەرێک نابینی پەیامی ئەوە بێ جەللادێک، یان خوێنمژێک، یان دزێک نەمر بکا، ئەو دەیانهێنێ و هەلیان بۆ دەڕەخسێنێ و ڕەنگە لە ترۆپکیش نزیکیان بکاتەوە، بەڵام دواتر وەک بەردەکەی سیزیف تلی دەکاتەوە خوار و دەیانخاتە بەردەم یاسا و ویژدان و لێکۆڵینەوە و پەشیمانی. نووسەر پەیامی ئینسانی هەیە، پەیامی ژیندۆستی و خۆشەویستی هەیە، نایەت مرۆڤە پاک و جوانەکان بەردەوام لە مەینەتدا بهێڵێتەوە و بیانکوژێ و دەربەدەریان بکا و خەڵاتی زاڵم و زۆردار و یاساشکێنەکان بکا.

گێڕانەوە و تەکنیک دوو توخمی سەرەکی ڕۆماننووسن، گێڕانەوە، واتە زەمەن، یان چەند زەمەنێکی دیاریکراو و تێهەڵکێش و چنراو بە ڕووداوێکی هونەری باڵای ئەوتۆ کە خوێنەر تووشی دابڕان نەکا، ئەوجا نووسەر لە ڕێگەی فلاشباکەوە بێ، یان هەر ڕەگەز و توخمێکی دی، هارمۆنیای چنینی ڕۆمانەکە وێنا و پێشکەشمان بکا.

هەڵبەتە ڕۆمانی مێژوویی زۆرن، ئەلیف شەفەق لە چل ڕێساکەی عیشقدا، بەشێوەیەکی ئەوتۆ چیرۆکی شەمسی تەبریزی و جەلالەددینی ڕۆمیم دەگێڕێتەوە. بە تەکنیک و ڕوئیای خۆی و فەنتازیای خۆیەوە بەسەرهاتەکان دەکا بە تەکنیکێک، وەک نەخشی سەر بەرد دەردەکەوێ، نەک گێڕانەوەیەکی سادە و ساکار وەک خۆی و هیچی نەپەڕێنێ باس بکا، ئەم دەزانێ کەی و چۆن و لە کوێ بیانگێڕێتەوە و لە کوێ بەسەریدا باز بدا و لە کوێ و بۆچی مەبەستێک بیانخاتە خزمەتی ڕۆمانەکەیەوە.

لەم نووسینەمدا دەمەوێ باس لە ڕۆمانێک بکەم، ئەویش نووسەرەکەی قەڵەمێکی داهێنەرانەی

وڵاتێکـی هاوسـێمانه و کـەم تـا زۆر ڕووداو و دیمەنەکانـی ڕۆمانەکـەی تژییـە لـە بەسـەرهات و ڕووداو کـە ئێمـە پێـی ئاشـناین و بۆمـان شـتێکی نامـۆ نییـە کـە ئەویـش ڕۆمانـی (کۆڵۆنێل)ـە کـە مەحمـوود دەوڵەتئابـادی بـە زمانـی فارسـی نووسـیویەتی و ئـازاد بەرزنجـی لـە ئینگلیزییـەوە وەری گێڕاوەتـە سـەر زمانـی کـوردی.

ڕووداوەکانـی ئـەم ڕۆمانـە بەسـەر دوو زەمەنـدا دابـەش بوونـە، زەمەنی دوور کە سـەردەمی حوکمڕانی هـەردوو شـا، کوڕ و بـاوک و زەمەنـی دوای ئینقلابـە، واتـە دوای ساڵانی ١٩٧٩ بـە دواوە، واتـە دەسـپێکی شـەڕی نێـوان ئێران و عێراق، ئـەو زەمەنە بۆ ئێمەی کـورد ئەوەنـدە دوور و نامـۆ نییـە، هـەر ئەوەشـە وای کـردووە بـە زمانـی فارسـی مۆڵەتـی چاپـی پـێ نـادەن و نووسـەر لەلایـەن چەنـد دۆسـتێکییەوە گەیاندوویەتییـە ئەڵمانیا و ساڵی ٢٠٠٩ بـە ئەڵمانـی چاپ بـووە، ئـازاد بەرزنجـی لـە ئینگلیزییـەوە وەری گێـڕاوە، خۆیشـی ئامـاژەی پـێ داوە کـە باشـتر و خۆشـتر دەبـوو ئەگـەر لـە فارسییەوە وەری بگیڕایـە، بەڵام دەسکەوتنی دەقـە فارسییەکەی ئەسـتەم بووە بـۆی و دەسـتی نەکەوتـووە! چونکـە نزیکیـی هـەردوو زمـان، چێـژی زیاتـر و ئاسـان و خـۆش دەسـت دەبـوو بـۆی، لەگـەڵ ئەوەشـدا زۆر لێهاتووانـە وەری گێڕاوە و کارێکـی نایابـی پێشـکەش کـردووە.

نووسـەر خـۆی زانیویەتـی چـی دەکا و ڕووبـەڕووی چـی دەبێتـەوە، بۆیـە نووسـینی شـاکارێکی وا بـە زمانـی فارسـی، بتـەوێ لـە وڵاتێکـی وەک ئێرانـدا چـاپ بکـرێ، ئەسـتەمە، لەگـەڵ ئەوەشـدا ئـەم ڕۆمانـە هەندێـک تەمومـژاوی و ئاڵـۆز نووسـراوە، پەنـا براوەتـە بـەر کۆمەڵێـک کارەکتـەر و سـونبۆل کـە ڕەنگـە لـە واقیعـەوە دوور بـن، لـە زەمەنـی شەسـت - حەفتـا سـاڵی ڕابـوردوودا. پاڵەوانـی سـەرەکی ڕۆمانەکـە دەبڵ کاست، لـە شـانۆدا پێـی

دەڵێـن کۆڵۆنێـل کـە خاوەنـی سـێ کـوڕ و دوو کچـە، کۆڵۆنێلـی دووەم (محەمـەد تەقیخـان پەسـیان) ـە کـە لـە سـاڵی ١٩٢١ تـا ١٩٨٢ ژیـاوە، نووسـەر کۆمەڵـێ ڕەمـز و سـونبۆلی هەڵبـژاردووە وەک کۆلۆنیـل محەمـەد تەقـی پەسـیان، ئەمیـر کەبیـر و محەمـەد موسـەدیق، حەجاجـی یووسـف سـەقەفی، کـە هـەر یەکەیـان هەڵگری ئاماژەیەکـە بـۆ سـیفاتی ئـەوان و گواسـتنەوە و بەرخوردیـان.

پەریـوەش سـەنیعی لـە ڕۆمانـی (بەشـی مـن) ئەویـش بـە هەمـان شـێوە ڕابوردوویەکـی کـورت دەگێڕێتـەوە، کـە چـۆن چەپەکانـی ئێـران، ڕەنگـە مەبەسـت لێـی حزبـی تـوودەی ئێـران بێـت، کـە هـاوکار و داینەمـۆی شـۆڕش و ئینقـلاب بوونـە و ڕۆڵـی بەرچـاو و سـەرەکییان تێـدا گێـڕاوە، بـەڵام دوای سـەرکەوتن بەرهەمـی شـۆڕش بـۆ ئەوانیـش پێچەوانـە بووەتـەوە و ئـەوەی ئـەوان چاوەڕوانیـان لێـی هەبـووە، نەهاتووەتـە دی و لـە باتـی ئـەوەی لـە بـەری ڕەنـج و زەحمەتیـان بخـۆن، ئـەم جارەیـان ڕۆژانـی ڕەشـتریان بـەڕێ کـردووە و خراپتـر چەوساونەتەوە و پەراوێزخراون، هەڵبەتـە ئەمـە لـە سیاسـەتدا شـتیکی نامـۆ نییـە، چەنـدان جـار دووبـارە بووەتـەوە، سـتالین زۆربـەی ئەندامانـی سـەرکردایەتی خـۆی کوشـتووە، سـەدام حوسـێن هەروەتـر، ئـەم ڕژێمـەش بەهەمـان شـێوە دەسـتی بـە خوێنـی ئەوانـە سـوورە کـە هـاوکار بوونـە لـە وەرگرتنـی کورسـی دەسـەڵات بۆیـان.

ئەو وێنانەی نووسـەرێکی گەورەی وەک دەوڵەتئابادی کێشـاویەتی، ترووسـکایی تێدا بـەدی ناکرێ، هـەر بۆیە ڕۆمانەکـەی سـەرەتا بـە شـەو و تاریکـی دەسـت پـێ دەکا و هـەر بـە شـەو و تاریکیش کۆتایـی دێ.

ئابـادی ئـەم پێکهاتـە هەمەجـۆرەی وڵاتـی ئێـران لـە مێـژووی هاوچەرخـدا وێنـای دەکا، هـەر بۆیـە ئـەو زەمەنـە، ئـەو خەڵکـە جوانـەی نوقمـی

تاریکایی کردووە و بوونەتە قوربانی سیاسەت و ڕژێمێکی نامۆ و ناشیرین لە ژیانیان.

کۆڵۆنێل زۆر بە کۆڵۆنێل پەسیان سەرسام بووە، وێنەی ئەوی لە ژوور سەری خۆی هەڵواسیوە و ویستوویەتی هەڵگری ئاکارەکانی بێت. تێکچڕژاوی ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە، ئێران لە خێزانێکی بچووکی وەک کۆڵۆنێل بچووک دەکاتەوە کە خاوەنی سێ کوڕ و دوو کچە، هەر یەکەیان بەسەر گرووپێکی سیاسی ئەو وڵاتەدا دابەش بوونە، ئەمیر کوڕە گەورەکەیەتی لە ناوی ئەمیر کەبیرەوە وەرگیراوە لە ناو حزبی توودەدا کار دەکا و دەگیرێت و زیندانی دەکرێت و ئەشکەنجە دەدرێت، فەرزانە کچە گەورەکەیەتی و شووی بە قوربانیی حەجاج کردووە و ڕەمزی دووڕوویی و هەلپەرستی و هەڵپەکردنە، ناوی ئەویش لە (حەجاجی کوڕی یووسفی سەقەفی)یەوە وەرگیراوە، مەسعوودی کوڕی لە لایەنگرانی ئیمام (خومەینی)یە و دەچێت بۆ شەڕی عێراق- ئێران و چارەنووسێکی شووم چاوەڕێی دەکات. محەمەد قەدیس کوڕی سێیەمێتی، باوکی لە خۆشەویستی محەمەد تەقی پەسیانەوە ناوی ناوە و ئەمیش لە لایەنگرانی فیدائیانی خەڵقە، بچووکترینیشیان پەروانەیە و نزیکەی چواردە ساڵە هەواداری موجاهیدینی خەڵقە، یان بەوە تاوانبار دەکرێ.

لەم ڕۆمانەدا شۆڕش سەری هەموویان دەخوا، هەر ئەو وێنا ڕەش و تاریکەیە کە ئابادی وێنای کردووە و پرسیویەتی شۆڕش بۆ کێ؟

کە کارەکتەرەکانی هەموو ڕەنگەکان بخواو بچێتەوە ناو تاریکی.. (بەدەم هەنگاونانەوە ڕۆیشت و وەسێتنامەکەی ئەمیری لە ژێر شەکردانی سەرمێزەکە هەڵگرت و هەوڵی دا بیخوێنێتەوە، هەروەها هەوڵی دا: ئەوەش بهێنێتەوە بیری کە خۆی بۆ ئەمیری نووسیوە، ئەوانەی دوای ئێمە دێن، ئەگەر کاتیان بۆ هەڵسانگاندن و دادوەریکردنی ڕابوردوو تەرخان کرد، لەوانەیە بڵێن باب و باپیرانی ئێمە کەسانێکی بەهێز و کاریگەر بوون، کە خۆیان کردووەتە قوربانی درۆیەکی گەورە) (*) هەر ئەوەش وا دەکات پەشیمان ببێتەوە کە دەبینێ شۆڕش سەرجەم ڕەنگە جوانەکانی خۆی دەخوا و هەڵیدەلووشێ، بە شێوەیەک وەک خێزانە بچوکەکەی کۆڵۆنێل، هەموویان تەفروتوونا دەبن. یەک لە دیالۆگە هەرە جوانەکان کە لە ڕۆمانەکەدایە، ئەو فەزایەیە کە ڕەنگە کۆمەڵێ پرسیار و وەڵام لای خوێنەر بورووژێنێ.

(ئەگەر باران نەبارییایە، لەوانە بوو کەنارییەکەم بەرەڵا بکردایە، بەهەر حاڵ مادامێکی دوای ئێمە لاواز دەبێت و لەقەفەزەکەیدا دەمرێت، ڕەنگە هەر واش باشتر بێت، بەرەڵای بکەم تا لە دەرەوەی قەفەزەکەی، بە ئازادی بمرێت) (**)

ئەمە ئەو جەدەل و ژیانەیە کە بۆ خەڵقە شۆڕشگێڕەکەی خوڵقاوە و چاوەڕوان کراوە، هەردوو لای مردنە، لە ناو قەفەزەکە و لە دەرەوەی قەفەزەکە، چونکە هیچ پانتاییەکی بۆ ژیان نەهیشتووەتەوە، لە کۆتایی هەشتاکاندا ڕژێمی بەعس، هەندێک لە پیرەکانی لە نوگرە سەلمان ئازاد کرد و جوان و لاوەکانیشی نوقمی عەدەم کرد، خۆم هەندێکیانم لە (مەدینە شۆڕش) لە شاری چەمچەماڵ دیت، تێیاندا بوو دوای حەفتەیەک لە ئازادکردنی مرد، ڕێک لە پشیلەکەی کۆڵۆنێل دەچوو کە لە ناو قەفەزەکە و لە دەرەوەی، کاتەکەی یەکسان بوو بە مەرگ.

*** حیواری ناو ڕۆمانی کۆڵۆنێل.**

**** حیواری ناو ڕۆمانی کۆڵۆنێل.**

**سەرچاوە: ڕۆمانی کۆڵۆنێل، نووسینی: مەحموود دەوڵەتئابادی، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: ئازاد بەرزنجی.**